# مۆدەی تازە لە پێڵاوەی پاژنە بەرز







مۆدەکانی پێڵاوەکان بە چەندین شێوە و ڕێگەی تایبەت دەردەکەون، بە تایبەت کاتێك لە مۆدە و ستایلە تازەکانی ئەو سەردەمەدا، لە مۆدەی پێڵاوە پاژنە بەرزەکان، ئەمەش وادەردەکەوێ کە شیاوی جوانییەکی تایبەت و رازاوە بێ، لێرەدا مۆدەکان بەپێی جوانی و رازاوەیی دەبێ، بە شێوەیەك پاژنە بەرزەکان لەگەڵ مۆدە و ستایلی جلە تازە و جوانەکان دەردەکەون و کراوە دەبن، هەندێك لە پاژنە بەرزەکان شێوازێکی تایبەت و رازاوە لە خۆ دەگرێ و جوانییەکی ناسکی هەیە.

مەرج نییە رەنگەکان لە چ رەنگێك بێ، بەڵام دەبێ ستایلێکی تایبەت و جوانی هەبێ، ئەمەش کاتێك لە مۆدەی پاژنە باریکەکان دەبێ و لە نزیکەوە کارێکی جوان و رازاوەی بۆ دەبێ، لەم لایەنەدا پێڵاوەکان شایستەی مۆدەیەکی تایبەت دەبن، بە تایبەت ئەگەر شێوازێکە بە رازاوەیی دەربکەوێ و لەگەڵ جلەکان بگونجێ.


# ئێکسسوارەکان لە مێروو و مرواری



چەندین جۆر لە ئێکسسوارەکان دەبنە مایەی ڕێگەیەکی رازاوە و جوان لە دەرخستنی جوانی بۆ خانمان، تەنانەت ئەو جۆرە ئێکسسوارانە شێوازێکی تایبەت و رازاوەیان دەبێ بۆ کراوەیی لەسەر جەستە، دروستکردنی ئێکسسوارەکان لەلایەن خانمانی کورد دەبێتە یەکێك لە جوانترین ئێکسسوارەکان.

ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی لە مێروو و مرواریە جوانەکان، وەك ئەوەی لەم وێنەدا دەیبینن، کە جوانترین شێوەی لە خۆوە گرتووە و دەکرێ وەك مۆدەیەکی جیهانی و تایبەت دابنرێ، مێرووەکان جوانییەکی تایبەت و کراوە دەبەخشن، بە جۆرێك شێوەیەکی ناسکی دەبێ کاتێك لەگەڵ جلێکی هاوڕەنگی خۆی دادەنرێ، یان دیاری دەکرێ، ئەمەش دوو نموونەی ئێکسسواری مێروو و مواریە بۆ خانمان.

# ماكیاژێكی كراوە بۆ چاوەكان



سالۆن: حەنان دەشتی/ ئیمارات

مۆدەیەكی جوان و رازاوە لە دانانی ماكیاژێكی تایبەت و كراوە لە دانانی رەنگێكی رەش بۆ چواردەوری چاوەكان و لەگەڵ دانانی رەنگێكی كاڵ و كراوە بۆ پشت چاوەكان، هەروەها ماسكارا كردنی برژانگەكان بە شێوەیەكی نەرم و سەرنجڕاكێش، سوود لەم ماكیاژە وەربگرن بۆ ماكیاژی چاوەكانتان.



# دەستە جلێك لە رەنگی شین





كاتێك بیر لە جوانی رازاوەیی جلەكان دەكرێنەوە دەبێ بە شێوەیەكی دروست و رازاوە كاری بۆ بكرێ، ئەمەش لە رێگەی هەڵبژاردنی دەستە جلەكانە كە بە شێوەیەكی كراوە و ناسك دەبێ، دەستە جلەكان دەتوانن مۆدەیەكی تایبەت و جوان ببەخشن، ئەمەش لە كاتێكدا دەبێ كە جوانییەكی تایبەت و ناسك بە جەستەی خانمان بدەن.

دەستە جلەكان دەكرێ لە رەنگێك بن، ئەمەش بۆ ئەوەی لە گشت شوێن و كاتە جیاوازەكان بپۆشرێن و ببن بە جوانترین و رازاوەترین جلەكان، بە تایبەت كاتێك هەمان كەرستە و شێوازە ناسكەكان لە یەك رەنگ دەبن و جوانییەكی گەورەش دەبەخشن بە جەستەی خانمان، ئەمەش دەبێتە یەكێك لە مۆدەكانی دەستە جلەكان بۆ ئەوەی سوودیان لێوە وەربگیرێ بۆ هەڵبژاردنی جلەكان.










بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەكانت پەیوەندی بكە :

Mobile: 07504679560 Email: reng@gulan-media.com



# پیاوێک (۱۲) ساڵە ڕۆژانە وێنە دەگرێ

ئەوانەی حەز بە شـــتێك یان ڕەفتارێك دەكەن، لەســـەری بەردەوام دەبن تا دەگەن بەو ئەنجامەی كە لە مێشكیان دایانناوە، ئەمەش بە جۆرێك كە لەسەر ئەو ڕەفتارە ڕێگە دەگـــرن و لە داهاتووشـــدا دەبێتە یەكێـــك لە حاڵەتـــە ســـەیرەكان، ئەوەی دەیبینن یەكێكە لە مرۆڤە سەر شێتەكانی وێنەگرتـــن، ســـاڵانێكە وێنـــەی خۆی دەگرێ.

وێنە گرتنەكەی لـــە ماوەیەكی دوور نییە، بەڵكو ڕۆژانەیـــە، (جۆناتان كلێر) خەڵكی ویلایەتـــی نیویۆركە لە ویلایەتە یەكگرتووەكانـــی ئەمریـــكا، لە ســـاڵی (١٩٩٨) تاوەكـــو ئەمڕۆش وێنەی خۆی دەگرێ، ئەمەش ئەرشیفی وێنەكانیەتی و كە ئێستا لە ئەلبوومیش جێگەی نابێتەوە





# هاوسەرەکەت بە (٥٠٠٠٠) دۆلارە

یەكێك لە سەیرترین پێشبڕكێكانی جیهان كە ساڵانە ئەنجام دەدرێ، بریتییە لە پێشبڕكێی هەڵگرتنی ئافرەتەكان لەلایەن هاوسەرەكانیان، ئەو پێشبڕكێیەش بۆ خۆشی ئەنجام دەدرێ، ئەمەو ئەو پێشـــبڕكێیە هەر ساڵێك لە وڵاتێك ئەنجـــام دەدرێ، بۆ ئەمســـاڵیش لە وڵاتی فنلەندا ئەنجام درا.

ئەمەو پێشبڕكێكە لە شـــاری سونكاگار ئەنجام درا، تیایدا نێوان (٤) هەزار هاوسەر، هەردوو هاوسەر (تایستۆ میانتینی و كریستینا هابین) پلەی یەكەمیان بە دەست هێنا، ئەوەی سەیر بێ لە پێشبڕكێیەكە، هەبوو هاوسەرەكەی قەڵەو بوو، زۆر بە هیلاكی هەندێك دەڕۆیشت و دەكەوت، خەڵاتی پێشبڕكێیەكە بریتیی بوو لە (٥) دەفتـــەر دۆلار، وەك یارمەتییەك بۆ هاوسەرە تازەكان.

# کەڵەشێرەکان دەبنە یاریزان

(زەهانگ لیگۆنگ) ئافرەتێكە و بۆتە ڕاهێنەر لە بواری تۆپی پێ، ئەوەی سەیر بێ ســـەیرترین جۆرە ڕاهێنەرە كە دەتوانێ بە جوانترین شێواز یاریزانەكانی بە مەشق و یاری جوانیان پێوە ئەنجام بدات، ئەوەی سەیرە تاوەكو ئێستا لە هیچ شوێنێك بانگ نەكراوە بۆ ئەوەی پۆســـتی ڕاهێنەراتی وەربگرێ، دەزانن بۆ؟

چونكە ئەو ڕاهێنەرە، ڕاهێنەری كەڵەشێر و مریشـــكە، نەك مرۆڤ! لە وڵاتی چین لـــە ســـاڵی (٢٠٠٧) تاوەكـــو ئەمڕۆش لەســـەر كاری خـــۆی بەردەوامە، یاری بە كەڵەشێرەكانی دەكات، ئەمەش دیمەنێكە لە یاری تۆپی پێ لە نێوان كەڵەشێرەكان..



## هاندەر یان سەرشێت !



مۆندیاڵی باشووری ئەفریقیا بەسەرکەوتنی ئیسپانیا کۆتایی هات، کەچی سەیرترین وێنەکانی ئەو مۆندیالە درا بەو هاندەرەی هەڵبژاردەی هۆڵەندا کە لە یاری کۆتایی لە سەرەتای یارییەکە تاوەکو کۆتایی، ئەو هاندەرە لەسەر پێ وەستاوە، تەنانەت شێوەی بە جۆرێك رازاندۆتەوە، وەك پیاوێکی پیر دەردەکەوێ، ئەوانەن سەرشێتان و خۆشەویستانی تۆپی پێ.

## ماری (٥) سەر!



گیاندارە سەیرەکانبە چەندین شێوەی سەیر دەردەکەون، تەنانەت دەبن بە هۆکارێك بۆ ئەوەی گیاندارێکی تایبەت و سەیر بێ، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ، کە ئەو گیاندارانە لە شێوەی ئاسایی خۆیان نابن و شێوەیەکی دیکە لە خۆ دەگرن، بەمەش تایبەتمەندی و سەیری لە خۆ دەگرێ، وەك گیاندارێکی جیاواز دەردەکەوێ.

ئەوەی دیبینن یەکێکە لە سەیرترین مارەکانی جیهان، کە تا ئێستا نە لە مرۆڤ نە لە گیانداران شتی وا نەبووە و نابێ، ئەو مارە یەکێکە لە جۆرەکانی ماری (کۆبرا) کە ترسناکترین جۆری مارە، ئەوەی سەیر بێ (٥) سەری هەیە و تەنیا بە یەك جەستە.

## جەستەی ئافرەتێکی لەشجوان




ئەوانەی خاوەن توانا و جەستەیەکی بەهێزن، زیاتر لە رەگەزی پیاوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جەستەی ئافرەتان ناسك و نەرمە، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا جیاوازی روودەدات و تێکەڵی دەبێ نێوان جەستەی ئافرەت و پیاو، ئەوەی دیبینن دەبێتە نموونەیەك بۆ جەستەیەکی بەهێزی ئافرەتان، کە وەك پیاوانی یاریزانی لەشجوانی خاوەن جەستەیەکی بەهێز و سەیرە.

ئەم ئافرەتە لە وڵاتی ئەمریکا دەژی و ناوی (شیرۆف)ە، کە خۆی خەڵکی ویلایەتی ئەلاسکایە، لە منداڵی حەزی بەو یارییە کردووە و تا ئێستاش لەسەری بەردەوامە، ئەوەی سەیر بێ ئەگەر ئافرەتێکی دیکە لەگەڵ ئەو ئافرەتە شەڕ بکات و دەبێ چی بقەومێ!







# سەرتاشین بۆ گیانداران

کاری سەرتاشین وەك پێداویستییەکی تایبەت لە مرۆڤ هەیە، بۆ ئەوەی بڕین و کورتکردنەوەی قژەکان لە سـنوورێکی تایبەت بێ، ئەمەش یان بۆ ڕێکخستنی قژە، یان بۆ جوانی و کاری ڕازاوەیی، تەنانەت کاری سەرتاشین لە مرۆڤەوە گوازرایەوە بەرەو ئاژەڵان، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەك گیاندارێك لەمکارە بێبەش نەبن.

وەکو لە وێنەکاندا دەبینن بە چەندین شێوەی جوان و سەیر کاری تاشینیان بۆ ئەو سەگانە کردووە، ئەمەش وەك قۆناغی یەکەم لە بواری تاشین بۆ گیانداران، تەنانەت لە داهاتوودا کارەکان زیاتر دەبێ و تا گشت گیانداران دەگرێتەوە.

## ئەوە چ گیاندارێکە!



گیانداران لە کاتی تازە بوونیان، یان کاتێك لەناو هێلکەوە دەردەچن، جیاوازییەکی گەورەیان هەیە لەگەڵ شێوەی داهاتوویان کە گەورە دەبێ، ئەوەی دەیبینن لە شێوەی خشۆکەکان یان کرم دەچێ، کەچی ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، ئەوە گیاندارێکی بچووك و جوانە کە (پەپوولە)یە، لای هەمووان خۆشەویستە.

## نوکتە

- کوڕێکی گەنجی کوێر بە خۆی و گۆچانەکەیەوە سواری پاسێک بوو. ژنێک خۆی پێنەگیرا و وتی: وەیش لەو کوڕە گەنجە، ئەک دایکت کوێربێ ڕۆڵە. کوڕەکەش یەکسەر وتی: ئەک بە قوربانی چاوی دایکم بی باشە، شەش کەسین بەس ئەومان چاوی تەواوە!



## پایسکل بە تایەی تراکتۆر

دروستکردنی کەرەستە سەیرەکان دەبێتە یەکێك لە کارە سەیرەکان، کە دەتوانن لە ڕێگەی بەرهەمە جوان و سەیرەکان، چەندین کاری وابکەن ببێتە جێگەی جوانی و سەیر و سەمەرەی گشت کەسێك، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە گەورترین پایسکل، ئەوەی سەیربێ لەم پایسکلە، هەر تایەکی ئەوەندەی تایەی تراکتۆرێك دەبێ، کەچی بە کێشێکی زۆر کەم و خێراییەکی زۆریش دەڕوات، بەرهەمی لەمجۆرە یەکێکە لە بەرهەمە تازەکانی کۆمپانیایەکی ئەمریکی بۆ دروست کردنی پایسکل.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کەسێك هەیە بەردەوام لە دژی تۆ قسە دەکات و هەوڵ دەدات توڕەت بکات، چارەسەر ئەوەیە هیچ بایەخ بە قسەکانی نەدەیت لەبەر ئەوەی ناگەیتە هیچ ئەنجامێك لەگەڵ ئەو کەسەدا، بۆیە واباشترە قسەکانی کاریگەری لەسەرت دروست نەکات.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەگەر نیازی ئەنجامدانی هەندێ گۆڕانکاریت هەیە لە ژیانتدا، ئەوا ماوەیەکی تر چاوەڕوان بە و پەلە مەکە لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیت ئەوە دەخوازێت کە ئەم ماوەیە وەك پێشتر بەردەوام بیت لەسەر ئەو بەرنامەیەی پەیڕەوت دەکرد.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تواناکانت بە دیار بخەی و بیسەلمێنی کە توانات هەیە پشت بە خۆت ببەستیت، چەند کارێکی گرنگ چاوەڕوانت دەکەن ئەگەر بە سەرکەوتوویی کۆتاییان پێ بهێنی، ئەوا دەستکەوتی زۆر گەورە بەدەست دێنیت.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

باری داراییت لەئاستی پێویست نییە، ئەوەت لەیاد بێت لەماوەیەکی نزیکدا بڕە پارەیەکت دەست دەکەوێت و چارەسەری هەندێ گرفتت دەکات، پێویستت بە بەخت هەیە بۆ ئەوەی ئەو شتەی خەونی پێوە دەبینی بە زووترین کات بێتەدی.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

بیروبۆچوونەکانت روون بکەوە بۆ ئەو کەسەی دەتەوێت بەبێ بوونی هیچ ترس و گومانێك، لەبەر ئەوەی هەر تۆ براوە دەبیت و لەبەرژەوەندی تۆ کۆتایی پێدێت، چاوەڕوان بە هەواڵێکی زۆر خۆشت پێدەگات لەچەند ڕۆژی داهاتوودا.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەو شتەی دەمێکە خەونی پێوە دەبینی و وات لێهاتبوو بێ هیوا بیت لەوەی بێتەدی، ماوەیەکی تر دوا دەکەوێت ئەویش بەهۆی ئەو بەربەستانەی کە بوونەتە ڕێگر و پێویستە چارەسەریان بۆ بدۆزیتەوە، ئەگەرنا زیاتر دوادەکەوێت.

ئامادەکردنی: داریۆ





١٢ ١١ ١٠ ٩ ٨ ٧ ٦ ٥ ٤ ٣ ٢ ١

## ئاســـۆیی:

١- داســـتانێکی دڵـــداری کوردییە - پیتێکی مۆسیقایە.
٢- جـــۆرە ئۆتۆمبێلێکـــە - میوەیەکە(پ).
٣- بەرنامـــە(... شـــارۆچکەیەکی کوردستانە(پ).
٤- خانم - یاریزانێکی پورتوگالی کۆن بوو(پ).
٥- دارێکە - یانەیەکی ئیتاڵییە.
٦- هۆزێکـــی کـــوردە(پ) — جۆرە فڕۆکەیەکـــە(پ) - وڵاتێکـــی ئەمریکییە(پ).
٧- تاقیگە(پ) - خۆم(پ).
٨- سەرکردەیەکی پاکستانی بوو تیرۆرکرا(پ).
٩- بڵاو(پ) - دەزگای ڕاگەیاندن(پ).
١٠- خێرا - پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە - نیوە(پ).
١١- خواپەرست - جۆرە یارییەکی وەرزشییە.
١٢- ئاگادارکەرەوەی ئۆتۆمبێل(پ): گیان لەبەرێکە.

## ســـتوونی:

١- دەستکێش - داستانێکی دڵداری کوردییە.
٢- گۆچـــان(پ) - ناوێکـــی کوڕانە(پ).
٣- تراویلکە - پێك گەیشـــتن(پ). چۆن.
٤- کەلوپەلێکی ماڵە(پ) - چایە E(پ) - پیتی جیاواز.
٥- بیدۆزەرەوە لەکاوە - جۆرە فلمێکی ئەمریکییە پ).
٦- شارێکە لە ئەڵمانیا(پ).
٧- وەکـــو یـــەك — خواردنێکـــی کوردەواری یە.
٨- کوبی(ت) — ڕووبار - نیوە شلێر.
٩- نووسەرێکی جیهانییە(پ).
١٠- کەزیو - لیمون(ت).
١١- تەزیو - ملیۆن(ت).
١٢- یاریزانێکی بەرازیلی بوو(پ) هاوینە هەوارێکی کوردستانە.

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی



ئەوەش بوو بە مۆدە؟!

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە ڕێگەی دانانی هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..



**ئاسانکاری**


- بازنەکانی (٤+٥+٦) بە مانای پێچەوانەی تەسك.
- بازنەکانی (٤+٥+٣) جۆرێکە لە ئوتۆمبێل.
- بازنەکانی (٤+٢+٣) پێچەوانەی پاك.
- بازنەکانی (٣+٢) ژمارەیەك دوای ژمارە (٢٩).

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (قەندیل) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

داوات لێدەکرێت بۆ بەشداریکردن و ئامادەبوون لەئاهەنگی کەسێکی زۆر ئازیز و نزیکت، ئامادەبوونت وات لێدەکات هەست بە ئاسوودەیی بکەی بەتایبەتی کە ماوەیەکی زۆرە بەشداریت لەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا نەکردووە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوان خۆت و خۆشەویستەکەت دەکرێتەوە لەلایەن کەسێك کە جێگەی متمانەی هەردووکتانە بەمەش کۆتایی بەو دابڕانە دێت کە ماوەیەك بوو هۆکاری خەمناکی هەردووکتان بوو.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بەشێوازێکی تر سەیری ئەم ڕۆژانەی ژیانت بکە و وامەکە تەنیا ناخۆشیەك هەموو خۆشیەکانت لەبیر بباتەوە. ئەگەر بیرکردنەوەی خۆت بگۆڕیت بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاری باش دێنە پێشەوە و پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانت باشتر دەبن.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کاتێکی زۆر خۆش بەسەر دەبەیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت و بۆت دەردەکەوێت کە ئەو خۆشیەی ئەو کاتە هەستی پێ دەکەی زۆر جیاوازە و ئاسوودەییەکی زۆرت پێ دەبەخشێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

دڵی کەسێکی خۆشەویستت لێ ڕەنجاوە و چاوەڕوانی ئەوەیە ئاشتی بکەیتەوە نەك بەو شێوەیەی ئێستا تەنیا بیری لێ بکەیتەوە، شکاندنی دڵ زۆر بە ئازارە، بۆیە سەردانی بکە و داوای لێبووردنی لێ بکە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

قسەکانی خۆشەویستەکەت زۆر کاریگەریت لەسەر درووست دەکات و وات لێدەکات زیاتر بڕوات بە خۆت هەبێت، لەکاتی بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی خێزانیدا چاوت بە چەند هاوڕێیەکت دەکەوێت و یەکێکیان مژدەیەکی خۆشت پێدەدات.



hemntoni@yahoo.com